

xurmaly@yahoo.de

# چامەیەکی درەنگ وەخت

ئیسماعیل خورماڵی

## خوێم هەناسەیەک له دوعا و له هیجر و له نیشتیمان

خودا مردم و له دیدەنییەکی خاکدا ، کەسێ نەگەی
لەو بەحرە سەراسەر سەوزەی سەبووریی ،
مەرجانێکی لە لم چکۆلانەترم باتێ و
لە باخ دوولبەر ، چڵێ گڕ و
لە سێوەری پڕ نسرمی ، سێوە کووچەیەکی شاردا
لەسیغاری هەڵکوڕمانێ ،
دووکەڵێ لە تووتنە زەردی بەردە زەرد و
دوکەڵێ لە قەوی قاروونی شەشکم باتێ و
بەر لە باران ، بەر لە خوڕەی چەرداخ خووسێن
زەڕنەقووتەم لە فڕکەی ئەو هەموو پشیلە باڵدارە لادا و
کەروێشکی ناو ، گەنمی تازە قەرسیلی خۆشەویستیم

لەتاژی ڕاوچییان لادا

خودا مردم و کەسێ نەگەی ، لە دیدەنییەکی خاکدا

لە ئاو خواردننەوەی بەمشتان ، لە کانییان لەوێ و

لەخەیاڵی پاککردنی لالەنگییەک لەوێ و

خەمێ لەوێ و جەنگێ لەوێ و کۆڕێ لەوێ و عەشقێ لەوێ

حەرفێ ، قومێ لە شەراوی ووشە ،

بەدەمی ئەم قەڵەمە دابڕاوەی ئیسماعیلەوە بکا

خودا مردم و کەسێ نەبوو ،

لەو بەحرە سەراسەر سەوزەی سەبووریا بە من ڕاگا و

هەتا سێبەری بوون  بە ئێوارەی بوونەوە  بوو ،

ئەو ڕێی نەدابا

پایز سەوزایی چنم کا و

بەردەڵانی گیا چنم کا و

مەرگیش لەودیو ڕیحانەکانی دڵ نەرمییەوە

فڕێم بدا و نەهێڵێ ئاو

بە گۆلاوی ئەم شیعرە لالە عەباسییانەی من ڕابگا

خودا مردم و بووم بە قەڵای خۆڵە کەوە و کەسێ نەبوو ،

سۆراخێ سووتەیەکم کا و پرسێ

خودا دەنگێ با لە ئەشکەوتێکی قەوزە گرتووی دوورە وە بێ

با لەماڵی ماسییەکی وردیلەی ناو زۆنگاوێ بێ

خودا دەنگێ بالە سینەی پڕ لە سیخەی کەنەسمەیەکی زامداری بێ باخ و کەندڕان بێ

با لە ماڵی ،  تولە داربی  ناو سەوەتە و قەرتاڵەی هەجیجی یان  بێ

مردم  و کەسێ  دەنگێ  نەبوو ، خودا

هەتا لەم هەسارە وێرانەدا بووم بە قەڵای خۆڵە کەوە و

بووم بە ئاواییەکی سوتاوی وە پووش

لەم سەرەوە گڕ دەمبات و لەوسەرەوە گڕ دەمهێنێ و

لەبەختانیش ، تنۆکەیەک باران نەما

دەمی گوڵێکم بۆ تەڕکا و

بەخوێندنەوەی

نیازی هەورێکم گەیەنێ

خودا هاوار ،

گۆرانیم بوو بە قەقنەس و من هەر لێرەم ،

پرووشەم بوو بە قەقنەس و من هەر لێرەم

پەروانەم بوو بە قەقنەس و من هەر لێرەم

خودا سۆزێ ، بە لامشتێ ، گردم کەوە

خودا سۆزێ ، زکری حەشرێ ، تۆ بەفوویەک بمبەرەوە

دەی خودایە خێران داربە ، بایەکی خێر

نزیک لەم قامیشەڵانی غووربەتەدا

خێوەتی ئەم عوومری گەنجییەم ، بەرە و نیشتیمان هەڵگرە و

وەک گوڵە حاجیلەیەکی تاریک ، لێ دڵێ ڕۆشن

بە پەنجەرە سەوزەکانی شارەزووردا بمکووتە

دەی خودایە بایەکی خێر ، مردم مردم بۆ نووسینی شیعرێ لەوێ و

جەنگێ لەوێ و کۆڕێ لەوێ و عەشقێ لەوێ و

حەزێ لەوێ و گەمەی پەنجۆلانێ لەوێ

دوای عوومرێ لە ووشکانییش خودا جارێتکر مەلەی سازان لەوێ

دەی خودایە بایەکی خێر ، لێ خودا هۆ خوداکەی نالی و پەروانە

گەر ئەمجارە نزام گەشت و

ئەنگۆش لە ڕەحمی مەخلووقێکی خۆتاندا ،

بای بەزەییتان هەڵیکرد

ئەمجارەیان خودا وەک زەڵمییەکی لێقەوماو

ئەمجارەیان خودا ، وەک هەورامییەکی قەرسیل ،

نانی سایە و (ئاوێسەر)ی لێ بڕابێ

وەک نێوەڕۆی (لەقلەق )ە کەی گوڵعوومەر خۆی
گرە ، گێژی دابێ
بمدەوە بەتەمووی شورای گوڵعومەردا و
لێ لێ خودا ، تو بی و مەشایەخت
توبی و هەموو کلۆ شەکرێکی موفەڕکت
بەر لە دهۆک و هەولێر سلێمانی
بەر لە شاری شارەزوور و
بەر لە خاکی تایەر بەگ و
بەر لە قەڵاکەی گوڵعوومەر
بەر لە کۆیە و بەر لە پشدەر و جافەتی
بەر لە ژووانی کەژۆڵانی بلکییانم
خودایە تۆ ،
لە بەعشیقەوە تورم دەوە بادینان ،
با یەکەم ویسگەم بۆ (دوعا) بێ و
یەکەم چامەم بۆ (دوعا) بێ و
یەکەم ئەشکم بۆ (دوعا) بێ و
با خودایە ، یەکەم خوڕەی تووڕەبوونم لەوێوە داکا و
یەکەم گۆلی برووسکەشم هەر لەوێوە بێتە شەتڵ
دەی خودایە دڵم مەشکێنە تۆ ، دڵم پڕە لە گۆلاوی بروسکەی سوور
ئەستێرەیەک لە تۆ ڕۆی ، گوڵە مێیەک لە شیعری من !
کانییەک لە مانگە شەوی تۆ ڕۆی ، ئاسکێ ، لە سارای من !
بەیتێ لە کتێبی تۆ ڕۆی ، ئاڤێستایەک لە من !
هەورێ لەتۆ بە بەرد کوژرا ، شەمێ لە من !
موعجیزەیەک لە تۆ شەڵا کرا ، عومرێ لە من !
بناوچێک لە تۆ سوتا ، نیشتیمانێ لە من !
وەی وەی لە نیشتیمان ، ڕێم بە خودا

دوای هەزارەی ئەو هەموو ڕۆژە دوورەی خۆم

ئێوارە باشێ لەو نیشتیمانەی خۆم کەم

ئێوارەت باش ، ئەی نیشتیمان ، کڵۆڵستان ، هەی کلاولار

هەی باخی پەرژین بە مۆردی بەرد و خەتا و گوناهی ڕەش

هەی قەیاغی هەلاهەلای بن چنگاوی مەوجاوی ڕەش

دەمبووری تۆ ، دەمێک ڕایە لە نامە بێ بەشم کردووی

دەمێک ڕایە ، وەنەوزی ناردننەوەی گوڵ چامە گرتوومی و

کەن دەمبات و کەن دمکووتێ بە گۆمە شینی متبوونا

خۆشم دەزانم ، دەزانم ئەی حوجرەخاک

عەیامێکە بێ ڕەحم بووم و سەرێکم

نەناوەتە سەر ئەژنۆت و هەناسەیەک

لەچاوانی بە نمناکت ڕانەماوم

چلۆن نەبم ، بە ئەرخەوانی وەریوی بەربای زووڵم و

ناوەکەم بە ئەنفال بەرن و

لەکن تۆدا

وەک بەڕوولە دێمێکی شمڵی بەرەکەت ، ناوەکەم بە دووانە کەن و

دوای پتر لە چەپکێ ساڵ و عەوام

سەری چرای چامەم ، بە زرێباری دووکڵدا بەرن و تۆ دەنگ نەکەی

چلۆن نەبم بە ئەرخەوانی وەریووی بەر بای زووڵم

لە کن تۆدا هەر لە خۆڕا

لە خۆڕا شەم کەژۆلانم لێ تۆرێن و

لە خۆڕا گڕ و غروووریان ، لە کەرویشکەم هارکەن

هەرلە خۆڕا کۆترم بە ئاودا بەرن و

ماسیم بە دەشتی پیکۆڵدا بەرن و تۆ دەنگ نەکەی

پەشمەکی جەننەتی عەشقم ، بە دەمی دۆزەخ قووت دەن و تۆ دەنگ نەکەی

ئاخەر خودا

گەر غەزەبی شەم کەژۆڵان نەبێ
کۆتر کەی بە ئاودا هەڵفڕیوە و
ماسی کەی  بە ئاوێ لە ڕەنگەوە
پێکولاوای بە ئاو زانیوە
خودایە تۆ ،  شەم کەژۆڵانم لە ئاوی جوانی نێوە
وەلێ لە ڕێی تۆبەی عەشقا
لەڕێی گەڕاننەوەیەکیان بە قیسمەت کە
لە نووچدانێ
لە سێوەری ئاشتبوونەوەیان چنگ کەوێ و
لەنووچدانێ ، باخە میوەی میهرەبانییان بێتە ڕێ
خودا  تۆ بزانە بەو هەمکە غەزەبی شەم کەژۆڵانەوە
من چەن میهرەبان و
چەن خەمخۆری سێوەری تاوە ڕۆژیانم
چەن خەمخۆری مەنزڵێکم بۆ فڕینی پەروانەیان
یانەت ئاوا ئەی یارە خاک ، بەمن بێژە
چلۆن برژێمەوە و چلۆن ئاشت ببمەوە  ، کەمن چەپکی ساڵە
شەمامەی گۆرانییەکم ، نەداوەتەوە بێستانی ڕۆحت و
لەدەوری جارە چای شیعرێ ، من جارە مێی زانکۆم پێ نەداوی و
من قریوەی هەرمێلە کەژاڵی  هاوسێ و
من قریوەی  بەرسیلە کچانی لاڕێی مەکتەبێکم  پێ نەداوی و
لە ناخێری گیانیمدا من ، من چرای چامەیەکم
نەداوەتە گۆوارێکی وەک لڤین و
هەنارێکم لە هەنارستان
نەداوەتە  ڕۆژنامەیەک وەک ئاوێنە بە دەنگ و
گێلاسییێکم لە باخ گێلاس ، نەداوەتە ماڵێک لە ئاسمان و
من بۆڵیکم  ، لە بۆڵی ژێر پوونگەی شیعرم ،

وەک ئەم شیعرە درەنگ وەختەم

نەداوەتە دەمی دەنگەکان و

وەک قەڵەمێ ، وەکوو دەنگێ کە کووشتەی مێ بێ

لالەنگییەکی بە مکرم ،

نەداوەتە گۆڤارێکی وەک شاوشکا و

لەنێو دێری دێرە گرِی ڕۆژنامەیەکی سەوزا

بە پاڵ کۆترەکانی کوردستانی نوێ وە ، لە دیدارێکی مێخۆشدا

نە فێری گمەیەک بووم و نەفێری فرِینێک بووم لەتەک هەناردا

نەدەمم گەیی بەئاوی کانییە خەمی ژنان

نە توانیشم لە نوێژێکدا ، بەسەد بەرابەری کۆستیان

نووچدانێکم لە هەڵوێست و لە خەم هەبێ

نەک هەر نووچدان هیچم نەووت

نەلە ئێوارەی لووت برِینی کەژاڵ و ،

نەلە سوبحی  چەمە خوێنی لای  فاتیمە و

نەلە ڕۆژی سەنگ بارانی (دوعا) ی تاووس و شەوبۆدا

نەلە پایزە مەرگی خەج و نازیلێ دا

من زمانم بە برِین چێ ، هیچم نەووت

کە دەبوایە هەر هیچ نەبێ  ، لە کنی دەروێشی مێیان

لە زوڵمەتی ڕۆژی مێیان ، قیامەتێ

لە غەزەوی  شیعر بەرپابا یە

لێ من ، من زمانم بە برِین چێ ، هیچم نەووت

چم نەووت و

دەنگم ، وەک پرووشە لەباخەڵی خۆردا هەڵاژابێ

هەڵاژاوی بێ دنگی بووم

کە دەبووایە هەر هیچ نەوێ ، لە تەک گەردەلوولی شیعرێکدا من

باڵی هەزار باڵم بگرتایە و

وەک دار بەڕوویەکی عاشق ،

تەورم  بە دووژمنی تەور بکردایە  و

وەکوو بازی هەزار بازی  سامالی شین

لەدوای گاسنی دوا گووناه ،

وەک گیا کەڵە ، وەک بنچکە هەرێزی بەڕق

قشقەڕەچنی دوای گاسنم  کردایە

لێ یارە خاک ، دەمبووری تۆ  ،

ئەو ڕۆژانە سەرم لە بەستەڵک دا بوو

ئەمێستاکەش ،  دەمبووری تۆ

گەر وەک منالێ ، منالێکی  دەمبۆر و عەجوول

سەرم لە کۆلانی بێ حەیایی دابێ و

سەرم لە بێ ماریفەتی دابێ و

گەر کەمێ وە زمانێکی سووت و زوور

ئەم تۆزە کلافەی زمانەم با دابێ و

گلەییەکم لە خۆم و ئێوە و خودا کردبێت و

عیتابێکم لە باز باخ و

عیتابێکم لە بەرد بەرد  و

تانەیەکم لە دابان و سەفین دابێ

دەمبووری تۆ  کلۆڵستان

گەر کەمێ زووری کەوتبێتە زووانم و

گەر کەمێ پەنجەرەم وە شانی پایزدا کەوتبێتە سەر پشت

وە ڕۆحت سوێن ، کەم مەیل نییەنا وە ڕووتا

ئەوەتانێ تا هەنووکەش ،

بەخەرمەنی ئەم هەموو ڕۆژە ڕەشەوە

لە پەنجەرە سەوزەکانی ناو ئاوەوە لێت دەڕوانم

لە قەلا دووشکانی دوورگە شینەکانی خواوە

لە پشت پێکەنینی ڕۆژ ئاواوە لێت دەڕوانم
لەوڵاتی پرِقەیاغ و چووزە کچ و یاسمینەوە
لەمەملەکەتی مەلاک و کۆنە جەلادەوە
لەپشت قەڵای (مەم) و لە پشت قەڵای ڕووتبوونەوە و
لە پشت ڕەنگی ، چەمە ڕەنگی ڤانکوخەوە لێت دەڕوانم
گەرچی ئەی خاک ، لە قوژبنی هەر ئاسمانێ
لە قوڵایی ناو هەر قەورێ لێت بڕوانم
لەکن دڵم ، بۆنی کەلاوەکانی تۆ ،
بۆن خۆشترن لە پارکە مەکراوییەکانی ڕۆما و
قەڵاترن لە گوڵ هەتا ئێرە و
قەڵاترن لە دابانی ئاو
لە نێو جافەتی ئەم بەحرە شینانەدا
لەهەر کوێوە لێت بڕوانم ،سەوزەڵانیم پوونگەی چەمتەو
خوێنم با گەڵای تاقانە ، لە سووراوی ئێوارەتا
وە ڕۆحت سوێن ، گەر لەڕۆحما ، شنەوایەک مابێ
هەر کزەیەکە لە زەڵم و باکزەیەکە لە ژووانی سەرچنار
کە ئێواران زۆرینەیەک ، لە من و ترێکانی شار
(هەنگی دنیا)ی خاوبوونەوە بۆ یەک پاک دەکەن و
بە دەستی خاوبوونەوەیەک لە ئاگر و ڕووتبوونەوەیەک لە ئاگر
ماچ ، ماچ ، بە دەمی ماچەوە دەکەن !
خودا هاوار ، لەبڵێسەی خاک و هەنار
لە خوڕەی ماچ و تاقە ماچ
لەهەر کوێوە ، لەو ووڵاتە ڕووخۆشەی خۆم هەڵدەڕوانم
لە هێڵەکێکی عەشقدا ، وەک هێڵەکە شکاوەکەی دەستی دایکم
دانی (چەتە) و خەمخۆرانی جودا دێنم
(کێم) و (زەڵمی) جودا دێنم

غەزەب و دەهر و بێ دەنگی جودا دێنم

لاس و شەم و شەهوەت بازی جودا دێنم !

لەهەر کوێ بم خودا

تۆ بەو نیشتیمانە کەساسەی من بێژە

بەم سەفەرە نەعلەتییەی من تێ نەکەوێ و

یەقین بەم ڕۆژە زەردانەی دووریم نەکا

دوورم وەلێ ، توفڵی ئاوم و

لە ئاونگێکی سپیدەی ئەودا هەڵاژاوم !

دوورم وەلێ ، وەک ڕەشکەی ماڵە کولێرە

لەناو نانی مناڵێکی ئەودا هەڵاژاوم !

دوورم بەڵام ڕژانێکم هەر لە ئەو !

دوورم بەڵام ، لە بارانیا چڵی گرم و

لە ئاگریا چڵی باران !

عەجەب خودا

عەجەب دڵدارانی نیشتیمانی گەنم و ئاو

دوای هەزارەی ئەو هەموو ڕۆژە سەختانەم ، هەر دوورم و دوور

دوورم و هەتا ئێستا ،

ڕۆژێ ڕووم لە ئاسکەکانی لای غەریبی لانەداوە و

ئێوارەیەک ڕیشۆڵەی ئەم قەڵەمە عەیارەی خۆتان

خۆی نەکردەوە بە ماڵی بەفرتانا و

قاپی لەو شەربە شەرابانە کلۆم نەدا و

نەهاتەوە

نەهاتەوە و وەکوو جاران لە کۆڕێکدا

تاوی عەترو تاوی مەکر و مەکری شیعرتان لێ داکا !

عەجەب لاتان یاران عەجەب لاتان

کوڕی زەڵمە و ڕۆژێ نەلوا ،

بەو هەموو مەلەوانییەی منالّی (گۆمە شین)ەوە

وەک با بەناو عیشوەی دارەکاندا ، بگاتەوە دلّدانەوەی شکۆفەکان !

عەجەب لاتان ڕۆژێ نەلوا

دەمی شەربەی سەفەری قلّپ کاتەوە و سپیدەیەک بڕژێتەوە ناوتان

ئێوارەیەک بخزێتەوە ژێر لێفەکەی (گولّعومەر) و

هەر فرسەخێ لە دامێنی (جۆگەی شێخ)دا

لەپیرێکی لای (کولّکنی) و

لە جوانێکی لای تازە دێ و

لە بۆیسانێکی گۆمە لار پرسێ ؟ ئاخۆ

سێوەری تووووەکەی (دەروێش خەجێ) وەکوو جاران دەگاتە ملی قەورسان ؟

ئاخۆ (گۆمەشین) هەر وەک (بازە ئاو) بالّ دەکوتێ ؟

ئاخۆ (بارامی پیر) هەر تەڕە بە کۆلّی زەل و

(مەلا مارف) دەم وچاوی هەر چالّە بە نوور و بزە ؟

(ئەحمەد شیرین) هەر بەردەوام نوقلّ و ڕۆژنامە دەفرۆشێ ؟

ئەشێ (حەمە شەل )سەوزایی مابێ لەگەلّ سەوزایی و

دەشێ ماسی حەوزە گەورەی مزگەوت ، نازی خۆ دەرخستنیان مابێ ؟

عەجەب لاتان دلّدارانی نیشتیمانی گەنم و ئاو

دوای هەزارەی ئەو هەموو ڕۆژە هەر دوورم

لەتەک نامەی ، هەنێ لە ئەلیزاکانی وولّات

هەنێ هەنێ لەئیمایلی هەرمێ کچان هەر دوورم و دوور

عەجەب لاتان یاران عەجەب لاتان

بە قەدی شەونم و بالّی پەروانەوە

قەدی چ پیرە دارێکی سەختم و

بە تەلّەزمی ئەو هەموو حیکایەتەوە

هێشتا بۆنی قلّیشێکم نەگرتوووە و

هێشتا ڕووی ڕووتبوونەوەم بە تەورێ نەبەخشیوە

عەجەب لاتان یاران عەجەب لاتان

بەم بێ باڵییە لەمەلەی ئەو هەموو ئاوە قوڵانە دەدەم !

بەم بێ ئەزموونییەی خۆمەوە ،

شەڕ بەو هەموو ژنە مەغروورانەی شار دەفرۆشم !

بەم ووشکە ساڵییەی خۆمەوە

شەر شەڕ بەو ساڵە تەڕانەی خوا دەفرۆشم !

عەجەب لاتان ، ئابەم نووکە قەڵەمەوە

چۆن وەفریای فڕینی ئەو هەموو شیعرە دەکەوم من

چۆن وەفریای بردننەوەی ئەو هەموو جەنگە دەکەوم من ؟

ئاوا و کەچی جارێ ، سەقەری من

ئەم باخاتی ئاسمان و ڕێسمانەی ئاگر نەدا و

ئاوا و کەچی جارێ

زریکەم نەبوویە باڵی کلیل و نەفڕی بەو دەرگا داخراوانەی دۆزەخدا !

ئاواو کەچی جارێ ، ئا بەم جارێ غووربەتەدا

حیلەی شیعرم ، نەگەشتەوە بە گوێی زەردەپەڕی هەڵکوڕمان و

خوڕە و لێزمەی پرسییارتان لە بێ دەنگی من !

ئاوا و کەچی جارێ

دەستی من نەگەشتەوە بە تەوقەی وەنەوشەو

لێوم نەگەشتەوە بە ماچی وەنەوشە و

گوێم پڕنەبوونەوە لە هەمسی ئەو کچانەی

عەیامێ بوو  بە دڵی دڵ ، شیعرم بۆ دەنووسین

ئاواو کەچی جارێ نەلوا ،  بەخەرمەنی ئەم ساڵە  پایزییانەوە

بگەمەوە بە کۆڵانی پڕهاواری هاوارێکتان

بگەمەوە بە کزەی ئێوارەیەکتان

ببمەوە بە قەقنەسێکی عاشق و

شەوێ ، بە باخەڵی ئاگر شاد ببمەوە !

ئاوا و بەڵام  هێشتا ، هێشتا

درەختێکم لە بەرە بابی ئاینی عەشق و

تەور فێری عەشق و باهۆز  فێری عەشق و

جەلاد بەو هەموو خوێنەوە ،

فێری ماچ و مووچی ، زەردە ڕێی ئێواران دەکەم !

تەواشاکەن لەدوای هەرەسی عەشقێ من ، من شۆڕشی چ عەشقێ تر بەرپا دەکەم

لە دوای ئاسەواری جەنگێ ، من لە جەنگ ، دوورە جەنگ چ ئاوەدانییەک دەهێنمەوە

تەواشاکەن لە چاوانما ، دووکەڵی ڕۆح چۆن هەڵدەفڕێ و

دوکەڵ چەن پڕە لەمەستایەتی و

دوکەڵ چەن پڕە لە سپیدەی جوان

دەخیلم یاران بە چاوی ئاونگ سەرنجم بەن

تەواشاکەن ، چ شین باخێ لە باخەڵی بادا هەڵدەسێ و

باخیش چەن پڕە بە عیشوەی ئەو کچانەی

بەسەوەتەیەک سێوەوە

بە کراسێکی زەردەوە ، کە بە سێوی دارە سێوی  سێوان دەچن

هەوەس و ئارەزووی مێخۆش

بەر دەدەنە چڵی دار و ، گەڵا ، فێری لەززەتی ستیان و

هەنار فێری نیشتیمانی پەنجۆلان دەکەن !

خودا هاوار ، لەنانی سەبووری بەشم

باوەک مناڵیی لای (ژووان) بە لالێوی مێزی نانەوایەکەوە

گەرمایی ئەو خاکە بگاتەوە ڕۆحم و

بارانێ لەوێ تەڕم کا و ئیتر کەسێ را نەسپێرم

لەنامەیەکی بەستوودا ، لە خەوەرێکی بەستوودا ، بەمن بێژێ

چۆلەکەکان وا دەفڕن و باخەکان وا پێ دەکەنن !

دیقە دیقەی ڕۆحم با و  بلێ لەم دەربەنی دولبەرستانە شینەدا

خەجەکان وا ماچ دەکەن و لاسەکان وا قەپاڵ لە سێو دەگرن !

دیقه دیقەی ڕۆحم با و بڵێ لەم دەربەنی دوولبەرستانە شینەدا

سێوەری دار هەڵووژەی ڕۆژنامەکانمان وا خۆش و

چاکەی (عومەری چایچی)مان وا خۆش و

گەزۆکەی (تۆفیقی حەلاوچی) مان واخۆش

قومە شەراوەکەی شەومان وا خۆش

باچەپڵەی ئێوارە کۆڕمان وا خۆش

گفتو گۆی کچکۆلانی ناو زانکۆمان وا خۆش

مزرایی هەناره ژنمان وا خۆش

ڕووخۆشی جاده و کۆلانەکانمان وا خۆش

خەممان وا خۆش

ڕووتەنی منالمان وا خۆش

گلەیی شەهیدمان وا خۆش

غرووری پیاوانی شاخمان وا خۆش

مالی گەڕاننەوەی گەرمیانیمان وا خۆش

هۆرەی سەبووری ئەنفالمان وا خۆش

تۆزە پیاسەی ، ناو لیتاوی جادەکانی هەڵەبجەمان واخۆش

سەفای دەشتی

(فەرامۆش) ی لای (قەلادزێ) مان وا خۆش

(زمان) ی میوانی سۆزانیمان وا خۆش

سوعبەتی تلیاکچی و چاوچنۆکمان وا خۆش

بەزمی (مێ) کووشتنمان وا خۆش

خودا هاوار کەرەم کار بە ، لە نانی سەبووری بەشم

باوەک منالیی لای (ژووان) بە لا لێوی مێزی نانەوایەکەوە

با تۆزقالێ گەرمایی ئەوخاکە بگاتەوە ڕۆحم و

هەورێ لەوێ و بارانێ لەوێ تەڕم کا

خودا تۆ گوێ لەو گلەییانەی من مەگرە

مەیژە گەهێ لەزەمدایە و گەهێ لە مەیل دایە
گەهێ بە گوڵ دەچێتە سەر قەڵای قەڵەم
گەهێ بە کێوی گازندەیا هەڵدەزنێ
خودا هاوار لە گوڵ بم یان لە گازندە
دڵم بە خەرمەنی ئەم ڕووتەنی و
بە خەرمەنی ئەم ستیانە هەناریانە ناکرێتەوە
بەم هەموو سێوی مەلەک و
بەم هەموو لیمۆ ئاودارەی لای تۆ ناکرێتەوە
خودا هاوار سا عیلاجێ بە تۆ نەوێ
پەروانەیەکی بێ باڵی کووشتاری بام
گەڵایەک نابێتە قەیاغ بۆ چوونەوەم !
بەفرێ ، وەک ئێوارە کلووی لای خۆی ، نامدا
بە برژانگی ڕیحانە کەنیشکێکی ژێر چەتری سوور و
نامدا ، بەپەنجەرەی دوولبەرێکی جاراندا و
لەبەختانم
ڕۆمان نووسێکی سەر قژن نایە و
لەژێر چاوی ، چاویلکەیەکی وردیلەی تاریکدا
جیا جیا لە ڕێگەکانی شیعر
ئەم هەموو کۆست و ئەم هەموو تەنیاییەم بۆخڕکاتەوە و
وەک تووتنی بۆنداری پایپەکەی دەستی
بە نەفەسی دوکەڵێکی درێژم کا و
جارێتر من بگەمەوە لای (بلکیان)ی خاڵوان و
لە جووانییان هەڵچمەوە !
گەرچی یاران هاتنەوەی پیاوێ لە دوکەڵ
گەڕاننەوەی عەشقە لە زمسان و
گەڕاننەوەی گوڵە لە پایزو

گەڕاننەوەی ئاوە لە ووشکایی و

گەڕاننەوەی بەورە لە خۆر

گەڕاننەوەی مانە لە خوێن !

خودا کەی دێ ، ڕۆژی ، چوونەوەی من

ڕۆژی ئاشتبوونەوەم بە خاک ، تێکەڵبوونەوەم بە قەوم وخوێش

لێ خودایە هەر کەنگێ بوو ، لە بەعشیقەوە تورم دەوە بادینان ،

با یەکەم ویسگەم بۆ (دوعا) بێ و

یەکەم چامەم بۆ (دوعا)بێ و

یەکەم ئەشکم بۆ (دوعا) بێ و

یەکەم خورەی  غەزەبیشم  ، با لەوێوە داکا

خودا دڵم مەشکێنە تۆ

دڵم پڕە لە گۆلاوی بروسکەی سوور

ئەستێرەیەک لە تۆ ڕۆی ، گوڵە مێیەک لە شیعری من !

کانییەک لە مانگە شەوی تۆ ڕۆی ، ئاسکێ ، لە سارای  من !

بەیتێ لە کتێبی تۆ ڕۆی ، ئاڤێستایەک لە من !

هەورێ لەتۆ بە بەرد کوژرا ، شەمێ لە من  !

موعجیزەیەک لە تۆ شەلا کرا ، عومرێ لەمن !

بناوچێ لە تۆ سوتا ، نیشتیمانێ لە من !

وەی وەی لە نیشتیمان  ، وەی وەی لە کلۆڵستان

عەجەب ماوی ، تۆش بەو هەموو میحنەتەوە

بە هەسارەی ئەو هەموو زوڵمەتە سەوزەی

دەڕژێنە سەر  سێوی دڵت و دڵت دەئاوسێ و هیچت پێ ناکرێ

دڵ دەئاوسێ و وەک کوری ڕەش لە ئاوی ڕەش ، قەیاغەوانێ پێت ناگا !

دڵ دەئاوسێ و سەرپرژێکت ، بەمانگەشەوی سەوزایی ناگا !

چت پێ دەکرێ

کە زەردەشتیان خۆیان بکوژی ئاگر و تاووست بن !

ڕاوچییان و قەڵەمچیان ، خۆیان بکوژن کەروێشک و دیوانت بن !

وای خودایە پەژمووردە خۆم

لە زەمانێ ، کە ئاسمان تەژییە بە مانگ ، وەک مانگی تۆ

تازە لە کن ئەسیادی من ، تازە لە کن ئاسمانی من

بەرد دەبارێ و (مێ پەروانە) مل بە جارێ لای خوێنەوە دەنێ

بەرد دەبارێ و لەو نیشتیمانە چکۆڵەی لای مندا

(مێ کەناری)

ماڵێ ، سەوزە ماڵێ ، لە درەختی ئەڵماس بە شک نایەن

هەتا

خوڕەمی بەرد تەڕیان نەکا و

مقەست دەنگیان نەبا و ئاگر ڕەنگیان نەبا

چەقۆ گلێنەیان نەبا

ئۆی خودایە ، لەو تۆزە ئاسمانەی لای من

خوڕەمی بەرد چۆن دەبارێ و

(پرووشە مێ)

چۆن بە بەردی هەتاو دەمرێ

ئۆی ئۆی خودایە ئۆی لە خۆم ،

ئۆی لە تۆ ، ئۆی لە نیشتیمان

ئەڵمانیا / 2007